www.kurdistannet.org
13-9-2007 0:14  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کوردستانپۆست پاخەی خاتوو (کازیوە ساڵح) پشتان گرت؟! ... کارزان مەحمود**

karzan_mahmud@yahoo. com

(کونجرینی) و کوردستاپۆت زیاد لە پێویست و بێویژدانانە هێرشێکی نەك هەر ناڕەوا بگرە، هێرشێکی زۆر زاڵمانەیان کردە سەر نووسەر و رۆژنامەنووس و، هەڵسوڕاوێکی چالاکی بەرگری لە مافەکانی ژنان و ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری، وا دیارە پیاوانی دواکەوتوو و پیاوە شۆڕەسوارەکانی پیاوسالاری لە هەندەرانیش واز لەخاتوو کازیوە ناهێنن وەك چۆن لە کوردستان دەریانپەڕاند و ئەویش سەری خۆی هەڵگرت، وەك من کازیوە بناسم تا بڵێیت کەسێکی خەمخۆرە جا لە هەر بوارێکدا کار بکا، واتا بە جدی و بە عەشقەوە کار ئەکا، لە چیرۆك نووسیندا بە رۆحێکی سپی و بەرائەتێکی جوان و ووشە رەنگاو رەنگەکانی بەسەرهاتە تراژیدیاکانمان بۆ ئەگێڕێتەوە، لە کاری رۆژناوانیدا ئەو تاکە کچە رۆژنامەنووسە بوو کە تا درەنگی شەوان لە چاپخانە و کاری نەخشەسازی و ماندوو و شەکەت بووە، لە بواری کاری خەباتی مەدەنیانەش دیارە ناوێك و کەسایەتیێکی بەرچاوی ئەم بوارەو بەگشتی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بووە.... من تێناگەم و نازانم کوردستانپۆست بو َ ئەیەوێ کازیوە بشکێنێ؟!
(دیارە بە شتی دروستکراو ناشکێ) .. بۆ ئەبێ لەسەر نووسینێك کە خۆی ئاگادار نیە وای پێ بووترێ؟!
کاك (کونجرینی) لە جیاتی ئەوەی خۆی ماندوو بکا بە نووسینێکی جدی و رەخنەیەکی جدی بنیادنەرانە بۆ چی بەم شێوەیە وا چەند لاپەڕەیەکی لەسەر کازیوە رەشکردۆتەوە وەك بڵێی هەنگوینی لە ناو کوونە دارا دۆزیبێتەوە! من دڵنیام ئەم نووسینانە بە بەرنامەیە بۆ دژایەتی ئەم خاتوونە بەڕێزە کە بەراستی نەك هەر زۆر خراپە بۆ رۆژنامەگەری ئەلکترونی بەڵکو بۆ رۆژنامەگەری کوردی مایەی دواکەوتن و چەقبەستنە بچێت بە گژ ژنێکی چالاك و پێشکەوتووخواز و خاوەن فکر و ڕووناکبیری... هیوادارم ئێمەی پیاوانی بواری میدیائەگەر ناتوانین دەستی کەسێکی وەك کازیوەونمونەی ئەو بگرین و دەستخۆشیان لێ بکەین و زیاتر هانیان بدەین، با لێیان گەڕێین و هێرش یان نەکەینە سەر!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.